21 ئەفسەر و ئەندامی پۆلیس لە خۆپیشاندانەکانی ناوەندی زیقار لە باشووری عێراق بریندار بوون

بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای زیقار لە باشووری عێراق ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند، کە 21 ئەفسەر و ئەندامی پۆلیس لە خۆپیشاندانەکانی ناوەندی شاری زیقار کە ڕۆژی هەینی بەڕێوەچوو بریندار بوون.

پۆلیس لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت: "بە هیچ کەسێک نەهێنی نییە کە دەستووری عێراق مافی خۆپیشاندانی ئاشتیانەی مسۆگەر کردووە، ئەرکی هێزە ئەمنییەکانە کار بکەن بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران و ڕێخساندنی ژینگەیەکی ئارام بۆ ئەوان بۆ جێبەجێکردنی مافەکانیان بۆ داواکردنی مافە ڕەواکان".

لە بەیاننامەکەی پۆلیسی شاری ناسریە، ناوەندی پارێزگای زیقار هاتووە، "کاتژمێر 3ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی خۆپیشاندانێک لە شاری ناسریە ئینجامدرا و فەرماندەیی پۆلیسی پارێزگای زیقار بڕیاری ئەرکەکانی دەستیکرد بۆ پاراستنی تەواوی خۆپیشاندەران، بەڵام هەندێک لە ئاژاوەگێڕان هێرشیان کردەسەر ئەو هێزەی کە ئەرکی پاراستنی خۆپیشاندانەکەی پێ سپێردرابوو و لە کاتی خۆپیشاندانەکەدا 3 فەرماندە و 19 ئەفسەر بریندار بوون کە بە چارەسەر گوازراونەتەوە بۆ نەخۆشخانە لەکاتی خۆپیشاندانەکەدا کە کاتژمێر شەشی ئێوارە کۆتایی پێهات".